بۆ ڕێزگرتن لەیادی هاوڕێ دکتور جەعفەری شەفیعی

# بیست و دوو ساڵ بەسەر ئەو ئێوارەدڵتەنگەی پاییزدا تێدەپەڕێ

فەرهاد شەعبانی

وەرگێرانی: شهروزی ناسری

لەو ئێوارەتاریک و هەورییەدا، کاتێک لەناو دەنگی گوێ زڕێنی مۆتۆڕی تراکتۆر و تەقەو ڕەقەی ترێلییەکەیدا لەگەڵ نەمر "حەبیت عەودە" گەیشتنەبەر چادری ڕەوابیت عمومی ئۆردوگای "چنارە"*، بەپێچەوانەی هەموو ئێوارەکانی هاوین و پاییزی ساڵی 66، هاوریی گیان بە خت کردو "مام جافر"ی هەمیشەئامادەو چەک لەشان لەپۆستی نیگابانیدا نەبوو.

سڵاوی گەرم و ڕووی خوشی "مام جافر" ماندوویەتی و برسییەتی کاری بیناسازی ئۆردوگای "باساک"ی** لەبیر من و هاوکارم "حەبیب عەودە" دەبردەوە. بەڵام لەو ئێوارەیەدا ئەومان لەشوێنی هەمیشەیی خۆی نەبینی. باوەڕمان نەدەکرد. ئاخر ئەو هە مو ڕوژێک لەم سەعاتەدا دەهاتەسەر ڕێگامان و یان بەڕوویەکی خۆشەوەدەستی بەرز دەکردەوەو تا ناو ئۆردوگا بەڕێی دەکردین، یان زەرفەکانی غەزای دەستدەدایەو سواری تراکتۆرەکەدەبوو و تا دەگەیشتینەبەردەم ئاشپەزخانەی ئۆردوگا لەو هاڕەهاڕەدا دەنگ و باسی ئۆردوگای بۆ دگێڕاینەوەو لەپێشکەوتنی کارەکانی دەپرسی.

وتمان ڕەنگ بێ شامی ئۆردوگایان درەنگ بڵاو کردبێتەوەو ئەویش وای پێ باش بووبێ کەبۆ خۆی بۆ هێنانی شامی پێشمەرگەکانی ڕەوابێت عمومی بچێتەناو ئۆردوگا.

لەو قسانەدا بووین کەگەیشتینەناو ئاوایی "چنارە" کەئاشپەزخانەیەکی بلووک چن لەناوەڕاستی ماڵەسواغ دراوەنیوەوێرانەکانی ئاوایی دا، دیمەنی ماڵێکی پێک هێنابوو.

بێجگەلەنیگابانەکەی سەنگەری مەقەڕی گوردانی "شاهۆ"، هیچ جموجۆڵێکی دیکەلەدەوروبەری ئۆردوگا نە دەبیندرا.

ئاوایی "چنارە"م تەنیا کاتێک وا چۆڵ و هۆڵ بینی بوو کەوێڕای هاوڕێیان "محەمەدی نەبەوی و خالدی ڕەحمەتی" بۆ تەحویل وەرگرتنی و کردنی بەشوێنی حەسانەوەو پایگای پێشمەرگەی گوردانەکانی "شوان، شاهۆ، کاک فواد، ئارێز و نەکەرۆز" (ئۆردوگای جنوب) بۆ یەکەمجار سەفەرمان بۆی کرد بوو.

لەو هەمووجەماعەتەی ئۆردوگا، کەلەو کاتانەی ئێوارەدا، بەردەم ئاشپەزخانەو ئەمباریان قەرەباڵغ دەکرد، تەنیا "ماشەڵڵا" لەبەر ئاشپەزخانەبەرچاو دەکەوت کەئەویش دەست بەئەژنۆ دانیشتبوو و سەری بەردابۆوەو چاوی لەزەوی بڕیبوو.

وڵات زۆر نائاسایی بوو.

_ کاک حەبیب بڵێی چی ڕوویدابێ؟

_ نازانم.

دەنگی تراکتۆرەکەسەرنجی "ماشەڵڵا"ی بۆلای خۆی ڕانەکێشا و ئەو هەروا بێ هەست و بێ چرپەچاوی لەزەوییەکەی ژێر پێی بڕیبوو.

هیچ شکێکمان نەما کەشتێک ڕوویداوەو ئێمە لێی ئاگادار نین. بەڵام چی؟ نازانین.

لەڕۆیشتن بەرەو مەقەڕی کومیتەی ناوچەی سنەیان مەقەڕی پێرسونێلی ئۆردوگا، بەبێ ئێرادەدووهەمیمان هەڵبژارد. من لەبەرەوەو مام "حەبیت" بەدوامەوە.

لەبەر هەیوانەچکۆلەکەی مەقەڕی پێشمەرگەکانی ئۆردوگا، کەوشێکی زۆر کەوتبوونەسەر یەک. نیشانەی ئەوەبوو کەجەماعەتێکی زۆر لەناو مەقەڕەکەدا بوو، بەڵام دەتکوت هەناسەیان لەخۆیان بڕیبوو، هیچ هەستێک نەدەهات.

پەردەپەتۆ ڕەشەسەربازییەکەم لادا و بە ئارامی چوومەناو مەقەڕ. تەواوی پێرسۆنێلی مە قە ری ئۆردوگا، "تاهیر قەوامی، ڕزگار عەلی پەنا، سیامەکی شامی، ناسر، ئەحمد شۆڕش، مام جافر، حەمەکاڵ، کاهەڵمەت، زارا، نەعیم، سەی تۆفیق" و..... لەدەوری یەکتر دانیشتبوون و ئەژنۆیان لەباوەش گرتبوو و سەریان بەردابۆوەو ماتەم دایگرتبوون و چوو بوون لەخۆیانەوە. بێدەنگییەکی خەماوی ژوورەکەی داگرتبوو. دیسان بەپێچەوانەی جاران، دەتکوت کەس هەستی بەهاتنەژوورەوەی ئێمەنەکرد، لەحاڵێکدا کەشەوانی پێشتر هاتنی ئێمەدەبووەمایەی خۆشی و شادی، بەڵام ئەمجارەوا نەبوو.

بەئارامی لەپەنا "مام جافر" کەپەنجەکانی لەسەر دەستگیرەی کلاشینکۆفەی هە ڵ پیکابوو دانیشتم و بەئەسپایی لێم پرسی:

_ "مام جافر" چ خەبەرە؟ چی ڕوویداوە؟ بۆ وا ماتەم دایگرتوون؟

_ دکتور جەعفەر

_ دکتور "جەعفەر" چی مام جافر؟ قسەبکە

_ دکتور جەعفەر شەهید بووە، عەزیزەکەم

هەر ئەوەندەم لەبیرەکەمنیش نووقمی ئەم ئوقیانووسەبێدەنگییەبووم و کەوتمەدنیای خەیاڵات و بیرەوەرییەکانمەوە. منیش هەروەک زۆربەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەبیرەوەری خۆش و لەبیر نەچۆوەم لەگەڵ "دکتور جەعفەر" هەبوو. گەڕامەوەسەر ئەو یادانەو کتێبێکم لەسینگم دا کردەوەو خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکم بۆ خوم دەست پێکرد.

حیزبی کۆمۆنیستی تازەبنیات نراوی ئێران و کۆمەڵە، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان ڕێبەرێکی بەتوانا، کادرێکی کۆمونیست و شیاو، ئاژیتاتۆرێکی لێهاتوو، سوخەنرانێکی بەدەستەڵات و پڕهەست، برەو دەرێکی گەورەو ئۆمانیستێکی بێ وێنەی لەدەست دابوو.

پێشمەرگەکانی کۆمەڵەرێبەر و هاوڕێیەکی سەمیمی، ئینسان دۆست، خاکی و خۆمانە، رازدار و چارەسەرکەری کێشەکان و بەبێ هیچ زێدەبێژییەک رووخۆشیان لەدەست دابوو.

کەمتر کەسێک لەپێشمەرگەکان و بەتایبەت بنەماڵەی پێشمەرگەکان و زەحمەتکێشانی ناوچەجیاجیاکانی کوردستانم دی بوو کەسەردانی کۆمەڵەی کردبێت و تەنانەت چەند ساتێکی کورتی لەلای "دکتور جەعفەر" تێپەڕ کردبێت، بەڵام جەزبی رەفتار و شیفتەی کەلام و نیگاو و بزەی سەمیمانەی "دکتور جەعفەر" نەبوبێت و بیرەوەرییەکی خۆشی لەگەڵ خۆی بەیادگار نەبردبێتەوە.

بیرەوەرییەکانی من لە"دکتور جەعفەر" تەواوی ئەو سفەتەئینسانی و تایبەتمەندییەشۆڕشگێرانەیەلەخۆ دەگرێت کەلەبارەیدا وتراوەو دەوترێت. من شانسی ئەوەم بووەکە لەژمارەیەک لەمەقەرەکانی ناوەندی کۆمەڵەو هیندێک مەئمورییەتی کورت و درێژماوەلەگەڵ "دکتور جەعفەر"بم.

نایەتەوەیادم بێدەنگی ئەو ئێوارەخەمناکەچەندەی کێشا و چۆن تێپەڕ بوو، بەڵام لەبیرمەکەتەواوی ئەو بیرەوەرییانەی لە"دکتور جەعفەر" هەمبوو، لەو ساتانەدا وەک فیملێک بەبەر چاومدا تێپەڕ دەبوون.

بیرەوەری ئەو رۆژانەی کەشایەتی هەوڵی ماندوویی نەناسانەی "دکتور جەعفەر" لەساڵی ١٣٦٠ دا لەدیوێکی چکۆلەی ماڵێکی سواغ کراوی ئاوایی "قەرەلی" لەناوچەی سەقز _ بۆکان بووم؛ ئەوکاتەی بەپێی زەرورەت، بەتەواوەتی لەگەڵ کاری پزیشکی ماڵئاوایی نەکرد بوو، لەبەینی کاغەز و بەڵگەتەشکیلاتییەکانیدا گووشی معاینەو هێندێک کەل و پەلی پزیشکی دیکەبەرچاو دەکە وتن و جار جار پێشمەرگەنەخۆشەئۆرژانسییەکانیشی معاینەدەکرد و لەهەمان کاتیشدا مەئمورییەتەکان و ئەرکەتەشکیلاتییەکانیشی بەرێک و پێکی و ماندوویی نەناسانەئەنجام دەدا. ئەو لەنێوان وەتاغی کار و ژیانی و وەتاغی بێسیمی ناسراوبە"بێسیمی شێرەخۆرشیدی" ئە و کاتی کومە لە (مخابرات) لەهاتوو چۆ دابوو و لەگەڵ بەرپرسانی ناوچەکان قسەی دەکرد و وڵامی پەیامەکانی دەداوە.

بیرەوەری ئەو رۆژانەی کەلەئاوایی "حاجی کەند"ی ناوچەی بۆکان بوو و من وەک پێشمەرگەی واحدی پاراستنی دامەزراوەکانی ناوەندی ئەو سەردەمی کۆمەڵەشایەتی ئەوەبووم کەپێیەکی لە"سەدراباد" بۆ کاری ئینتشارات، پێیەکی لە"عیلم ئاباد" بۆ کاروباری ناوەندی پزیشکی کومە لە، ماوەیەک لە"ئاشی گوڵان" و چەند سەعاتێکیشی لە"مەقەڕی باغی مەلا" بەسەر دەبرد و بەنیگایەکی بیرمەند و دوور ئەندیش لەباسەسیاسیەکان و بڕیارەئیجراییەکاندا دەوری دەبینی و تەواوی ئەرک و مەئمورییەتەکانی لەئەو پەڕی سەداقەت و سەمیمییەت و بەروویەکی کراوەو لێوێکی بە بزەوەلەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی لەمەئمورییەتەکاندا هاورێیەتییان دەکرد، بەئەنجام دەگەیاند؛ و هیچکات پێکەنین لەسەر رووخساری دۆستانەی دوور نەدەکەوتەوە.

بیرەوەری ئەو رۆژانەی کەلەهاوینی سالی ١٣٦٠ و پاش کۆنگرەی ٢ی کۆمەڵە، ئیمە ژمارەیەک لەپێشمەرگەو کادرەکانی ئەو سەردەمی کۆمەڵەکەلەناوماندا گیانبەختگردووانێکی وەک هاوڕێیان "خوسرەوی رەشیدیان، عارفی مەولانایی، شاهروخی نازری، فەرەهمەندی سادق وەزیری، وموجتەبا ئەسەد زاردە" و ..... بەر چاو دەکەوتن.

**لە گە ل یەکەم هەیئەتی رەسمی کۆمەڵەکە "دکتور جەعفەر" یەکێک لەئەندامانی بوو، چوینە"ناوەزەنگ" بۆ دیدار لەگەڵ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و ملاقاتی حیزبەکانی دیکەی جێگیر لەوێ.**

**سەفەرێک کە"دکتور جەعفەر" تێدا وەک ئاژیتاتۆرێکی بەتوانا و برەو دەرێکی مەنتقی، بەکۆڵەبارێک لەئیستدلال، بەلەسەرەخۆیی و هێدی و هێمنێکی بێ وێنەبە لام پر هە ست وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوەلەدیفاع لەمارکسیسمی ئینقلابی و دەسکەوتەنەزەرییەکانی کۆمەڵەلەکۆنگرەی دووهەم، لەکۆبوونەوەو دیدارەکاندا درەوشایەوەو سەربەرزی و ئیفتخارێکی لەیادنەکراوی نەسیبی کۆمەڵەو رێبەرایەتییەکەی کرد.**

**لەدانیشتن لەگەڵ رێبەرانی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان، لەگەڵ ئەندامان و کادرەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران و هاوسەنگەرانی ئەو بەری سنووری، لەباس و منازەرەو لەگەڵ رێبەرایەتی "ئالای رزگاری کوردستانی تورکیە" سیمای شۆڕشگێر و ئاڵوگۆڕ بەسەردا هاتووی کۆمەڵەی نمایش دا.**

**لەم سەفەرەدا بوو کەبۆ یەکەمجار لەگەڵ ناوی "دکتور عە زیز" (نازناوی دکتور جەعفەر) لەدەورەیەکدا کەلەریزی پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دا فەعالییەتی دەکرد، ئاشنا بووم. دکتور عەزیزێک کە بەحەق عەزیز و جێگای رێزی کادر و پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی رەنجدەران بوو.**

**لەبیرمەکەکۆتایی ئەو سەفەرەهاوکات بوو لەگەڵ گیانبەختگردنی هونەرمەندی شۆڕشگێر و پێشمەرگەی خەباتکاری کۆمەڵەهاورێ "جەماڵی موفتی".**

**رێورەسمی ئەسپەردەکردن و یادەوەری ئەو رەفیقەشۆڕشگێر و هونەرمەندەخوشە ویستە لەشاری بۆکان بەرێوەچوو و کومیتەی ناوەندی مەئمورییەتی سوخەنرانی لەو رێورەسمەیدا بە"دکتور جەعفەر" ئەسپارد. لەم سوخەنرانیەبەگوڕ و تینەدا، "دکتور جەعفەر" توانی سیمای ئەم هونەرمەندەشۆڕشگێرەوێنا بکات و داخ و پەژارەی خۆی و سەرجەم ریزەکانی کۆمەڵەی لەبابەت گیانبەخت کردنی هاورێ "جەماڵ" و هاورێیانی دیکەی گیانبەختکردوو و خۆشەویست بەدەستەواژەو رستەی جوان رازاوەو پڕاوپڕ لەهەستی ئینسانی دەربرێت و ئەم جەماوەرەعەزیمەلەم غەمەگەورەیەدا شەریک و بەشدار بکات.**

**یاد و بیرەوەرییەکانی ئەو رۆژ و شەوانەی کە"دکتور جەعفەر" ماندوویی نەناسانەبۆ گەیاندنی هەواڵ و وتارێک بۆ رادیۆی دەنگی شۆڕش، (رادیو کومە لە) رادیۆیەک کەخوی بو دامەزراندنی زەحمتێکی زۆری کێشابوو، لەنێوان ئۆردوگاکانی ژمارە١ و ٢ی ناوە ندی کۆمەڵەلەناوچەی "مالومە"ی کوردستانی عێراق لەهات و چۆیەکی بەردەوام دا بوو. لەبیرمەوەک بەرپرسی نووسینی لیستی نیگابانی ئۆردوگای ژمارە٢ی مالومە، ئەوزاعی شەوم لەهەر نیگابانێک پرسیبا، دەیکوت: "دکتور جەعفەر" تا دەمەوبەیانی لەحاڵی نووسین دابووەو نەخەوتبووە. نوسینی ئەو وتارانەی کەئەگەر لەرادیۆ بڵاو کرابایەوە، بیسەری هەبووو ئەگەر لەپێشڕەو و کۆمۆنیست دا چاپ کاربان، بەڕاستی خوێنەریان هەبوو.**

**"دکتور جەعفەر" خاکی و خۆمانەبوو. چادری شوێنی کار و ژیانی دکتور "جەعفەر" و "مەلەکە" لەرووی هەمووان ئاوەڵا بوو. زۆر جار لەشاگردەکانی مەدەرسەی حیزبی ئۆکتۆبر کەلەئۆردوگای ناوەندی کۆمەڵەبوون،**

بیستوومەکەدەیانگۆت: یەکێک لەو چادرانەی کەوەک ماڵی خۆیان وابووەو ئێوارانەبۆ چا خواردنەوەلێی وەژوور ئە کەوتوون چادری "دکتور جەعفەر"ی میوان خۆشەویست و دەم بە پێکەنین بووە. دەرۆیشتن و بەگەرمی وەردەگیران، سەر لەنوێ دەچوونەوەو دیسانیش بەگەرمی وەردەگیرانەوە.

***

کاتێک وەخۆ هاتمەوەشامی پێشمەرگەکانی مەقەری ئۆردوگا لەگۆشەیەکی مەقەرەکە، بەبێ ئەوەی کەسێک دەستی بۆ بردبێ، هەروا لەزەرفەکاندا مابوونەوەو پێشمەرگەکان تاک تاک و هەر یەکەی بەبیانوویەک و بەبێ ئەوەی شتێک بڵێن، مەقەڕیان جێ هێشتبوو.

بیست و دوو ساڵ لەم ئێوارەتاریک و هەورییەتێدەپەڕێ. ئێوارەیەکی پاییزی کەگەڵای خەزان بەئارامی دە کەوتنەسەرخاک. ئەو ئێوارەیەی کەلەنێوان ئەستێرەکانی ئاسماندا، ئەستێرەیەکی درەوشاوەلەئاسمانی هیوا و ئاواتەکانی کرێکاران کوژرایەوە. ئەو ئێوارەیەی کەدڵی ئەویندار ی "دکتور جەعفەر"، ئەو شۆڕشگێرەکۆمۆنیستە، ئەو هاوڕێ و رێبەرەی کرێکاران و زەحمتکیشان، ئەو دۆستی سەمیمی و هاوڕازی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەلەلێدان کەوت.

بەڵام هاوڕێیان دەبیستن کەزایەڵەی بژی سوسیالیزم ئێستاش ئارامکەرەوەی دڵەکان و بڵاوێنی گوێچکەکان و هیوا بەخشی دوا رۆژی رووناک بۆ دڵی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران و کوردستانەو "دکتور جەعفەر" یەکێک لەداکۆکیکارانی شێلگیری سوسیالیزم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

هەوڵی نەیاران بێهوودەیە، ئەو بەئێمەو ئێمەبەسوننەتەکانی ئەو و ئەو حیزبەی (حیزبی کومونیستی ئیران )کەبناغە دانەری بوو وەفادارین و تەنیا لەم رێگایەوەدەکرێ بە"دکتور جەعفەر" و ئارمان و ئاواتەکانی وەفادار بمێنینەوە.

بەرز و بەرێزبێت یادی "دکتور جەعفەری خوشە ویست.

* چناره : شوینی حه سانه وه ی پیشمه رگه کانی کومه له له جنوبی کوردستان

**باساک : شوینی حه سانه وه ی پیشمه رگه کانی ناوچه ی سه قز